# باشترین پارە کە کەسێک خەرجی بکات ؛ پارەیەکە بۆ منداڵەکانی خەرجی بکات، وپارەیەک لە سەر ئاژەڵەکەی (لە جیهاددا) خەرجی بکات لە پێناو الله

لە ثەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین پارە کە کەسێک خەرجی بکات ؛ پارەیەکە بۆ منداڵەکانی خەرجی بکات، وپارەیەک لە سەر ئاژەڵەکەی خەرجی بکات لە پێناو الله (لە جیهاددا)، وپارەیەک خەرجی بکات بۆ هاوڕێکانی لە پێناو الله». ئەبو قیلابە ووتی: سەرەتا بە منداڵەکان دەستیپێکرد، چی پیاوێك پاداشتی گەورەترە لەو پیاوەی خەرجی دەکات بۆ منداڵەکانی، دووریان دەخاتەوە (لە داواکردن لە خەڵك) یان سوودیان پێدەگەیەنێت وبێ پێویستیان دەکات لە خەڵکی.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- چەند شێوەیەك لە مەسرەف کردنی ڕوونکردەوە، وڕیزبەندیانی کرد بەپێی واجبترینیان لەسەر مرۆڤ ئەگەر کەڵەکە بوون ونەزانرا باشتر وایە لە کامیان خەرج بکرێت، سەرەتا لە گرنگترینەوە دەستیپێکرد: فەرمووی ئەو پارەیەی زۆرترین پاداشتی لەسەرە ؛ ئەوەیانە کە مسوڵمان خەرجی دەکات بۆ ئەوانەی واجبە خەرجیان لەسەر بکات وەکو خێزان ومنداڵ، پاشان خەرجیکردن لەسەر ئەو ئاژەڵ وکەرەستانەی ئامادە دەکرێت بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، پاشان خەرجیکردن بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لە حاڵەتی خۆئامادەکردنن بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3267